**بەش: کۆمەڵناسی**

**کۆلێژ: ئاداب**

**زانکۆ: زانکۆی سەڵاحەددین**

**بابەت: دانیشتوان**

**پەرتووکی کۆرس: ساڵی سێیەم/ کۆرسی دووەم**

**ناوی مامۆستا:  م. ي. روستم صابر مصطفی**

**ساڵی خوێندن: ٢٠٢٣ ـ ٢٠٢٤**

# پەرتووکی کۆرس

# Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی کۆرس | کۆرسی دووەم / کۆمەڵناسی دانیشتوان |
| ٢. ناوی مامۆستای بەرپرس | روستم صابر مصطفی |
| ٣. بەش/ کۆلێژ | بەشی کۆمەڵناسی/ کۆلێژی ئاداب |
| ٤. پەیوەندی | ئیمێل: rostam.mustafa@su.edu.krd<br>ژمارەی مۆبایل/ (07504673826) |
| ٥. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | تیۆری:3 |
| ٦. ژمارەی کارکردن | ٩ کاتژمێر لەهەفتەیەکدا/ ٣ گرووپە بۆ هەر گرووپێك ٣ کاتژمێر/<br>٣+٣+٣=٩کاتژمێر<br>توێژینەوەی دەرچوون ٣ کاتژمێر<br>کەواتە ٩+٢=١٢ کاتژمێر |
| ٧. کۆدی کۆرس | |
| ٨. پرۆفایلی مامۆستا | ✓ روستم صابر مصطفی.<br>✓ لە دایکبووی ١٩٧٩<br>✓ بەشداریکردن لە خولەکانی ئینگلیزی لە سەنتەری (OSA) بۆ فێرکردن.<br>✓ دەرچووی خولی توانستی کۆمپیوتەر-زانکۆی سەڵاحەددین.<br>✓ دەرچووی خولی توانستی ئینگلیزی لە بەڕێوەبەرایەتی سەنتەری زمانی زانکۆی سەلاحەددین.<br>✓ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس ساڵی (٢٠١٠-٢٠١١) لە بەشی کۆمەڵناسی-کۆلیژی ئەدەبیات- زانکۆی سەلاحەددین، بە پلەی زۆرباشەی بەرز- دووەم لەسەر ئاستی بەش.<br>✓ کارکردنم وەك (معید) لە بەشی کۆمەڵناسی- کۆلێژی ئەدەبیات.<br>✓ بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لەساڵی (٢٠١٧) لە بەشی کۆمەلناسی- کۆلیژی ئەدەبیات- زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر.<br>✓ میلاکم لە بەشی کۆمەڵناسی- کۆلیژی ئەدەبیات- زانکۆی سەلاحەددین.<br>✓ بەشداریکردن لە چەندین چالاکی زانستی. |

| | |
|---|---|
| | ✓ قوتابی دکتۆرام لە بەشی کۆمەڵناسی- کۆلیژی ئاداب- زانکۆی سەلاحەدین |
| **٩. وشە سەرەکیەکان** | دانیشتوان، کۆمەڵناسی دانیشتوان، ئەنترۆپۆلۆژیای دانیشتوان ، گرفتە دانیشتوانییەکان، سەرژمێری گشتی، سیاسەتی دانیشتوان، پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی. |

**١٠. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

گرنگی خوێندنی ئەم کۆرسە تێگەیشتنە لە ڕەهەندە جیاوازەکان؛ کە بابەتی کۆمەڵناسی دانیشتوان دەرفەتێکی فراوان دەڕەخسێنێ بۆ توێژینەوەی ژمارەیەک لەو گرفتانەی؛ کە پەیوەستە بە شیکردنەوەی دانیشتوان، هەروەها ئەم زانستە هەڵدەستێ بە بەکارهێنانی میتۆدی زانستی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و دابەشکردن و ڕێکخستن و شیکردنەوەی داتاکانی تایبەت بەخۆی. مەودای کاریگەری کۆمەڵناسی دانیشتوان بەتایبەتی و کۆمەڵناسی بەگشتی و، کاریگەرییەکانی دیاردەی دانیشتوان لەسەر کۆمەڵگەو، ئاستی ڕێکخستنیی بۆ پرۆسەی کۆمەڵایەتی، بۆئەوەی کە ئەنجامدانی توێژینەوەی دیکەو ئاڵۆز دەستەبەر دەکات.

لەبەر گرنگی بابەتەکانی ئەم کۆرسەی خویندن، چونکە بابەتی جۆراوجۆرو لەیەکتر جیاوازن هەر بابابەتەو گرنگی تایبەت بە خۆی هەیە، لەسەرەتادا بۆچی ئەم زانستە دەخوێندرێ، دواتر ناساندنی چەمکەکانە، هەروەها چۆنیەتی ناسینەوەی بابەت وگرفتی دانیشتوان، لەگەل ئەوەشدا قۆناغ و هەنگاوەکانی دانیشتواننناسی نیشان دەدەین و دەخەینە بەر چاوی قوتابیان. ئینجا لە دوای ئەمەش باسی ڕەنگدانەوەی گرفتە دانیشتوانییەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا؛ باس کردنیان لە لایان زانایان و بیرمەندو  پسپۆرانی شارەزا دەخەینە بەردەستی قوتابیان بۆ زیاتر شارەزابوون و زانین و ناسینەوەی - قۆناغە جۆربەجۆرەکان و جیاوازییەکانیان. هەروەها توێژینەوە دانیشتوانییەکان و سەرچاوەکانی زانیاری و، لەبەر گرنگی سەردەم و کاتی خستنەروویان و میتۆدەکانیان شیوازی پەیرەوکردنیان بەتایبەتیش لە شیکاری و بەکارهینانیان لە بوارەکانی خویندن و تویژینەوەدا. لەبەر گرنگی بابەتی توێژینەوە دانیشتوانییەکان پیویستە قوتابیان ئاشنا بکرین و ئاستی زانست و زانینیان دەولەمەند بکریت، خویندنەوەو گرنگی دانیان بە هۆکارەکانی پەرەسەندنی توێژینەوە دانیشتوانییەکان و سەرچاوەکانی زانیاری لەسەر دانیشتوان و زیاتر گرنگی بدەن و ئاستی

مەعریفیان زیاد بکەن، هەروەها زیاتریش گرنگی بە سەرژمێری گشتی بدەن؛ بەتایبەتی سەرژمێری لە عێراق و هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەوەشدا جۆر و قۆناغەکانی ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی دانیشتوان. زۆر گرنگە بایەخ بە تیۆرە دانیشتوانییەکان بدرێت، وەکو تیۆری دانیشتوانی لای ئیبن خەلدون، تیۆری تۆماس ڕۆبێرت مالتۆس، تیۆری دانیشتوانی لای مارکیز دی کوندەرسی، تیۆرەکەی جۆدوین سەبارەت بە دانیشتوان و تیۆری پەرەسەندن لای فیردیناند تۆنیز. لەنزیک کۆتایی ساڵی خویندن زۆر گرنگ و پیویستە قوتابیان شارەزا بین و بۆ ئەوەی بتوانن جیاوازی ئەم بۆشاییانە بزانن کە لە ئەنجامی کۆچکردن و پاڵنەر و شیوازوجۆرەکانیان و تایبەتمەندیەکانیان بزانن، لەگەڵ زانینی سیاسەتی دانیشتوان.

دیاردە و ڕووداوە دانیشتوانییەکان و سیاسەتی هاندانی زۆربوونی دانیشتوان، قەبارەی نمونەیی دانیشتوان، کەمبوونەوەی دانیشتوان و ڕەنگدانەوەکانی، پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی دانیشتوان و جۆرەکانی چری دانیشتوان پەیوەست بەباری ئابوورییەوە کە بابەتی کۆمەلناسی دانیشتوانە، بۆیە شایەنی توێژینەوەیە لەلایەن توێژەرانەوە، بۆئەوەی دەرئەنجامی هۆکار و ڕەنگدانەوەی ئەو دیاردانە بەشێوەیەکی واقعی و ڕاستگۆیانە بخرێتەڕوو.

لەمیانەی خوێندنی بابەتەکان، تیشک خستنەسەر دیاردە دانیشتوانییەکان و چالاکییەکی کۆمەڵایەتی لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا، لەگەڵ ئەوەشدا؛ کە ئەفلاتون پێیوایە هەر کاتێک ژمارەی دانیشتوان بەرەو کەمبونەوە بچێت پێویستە ئاسانکاری بۆ گەنجان بکرێت لە پێکهێنانی پرۆسەی هاوسەرگیریدا، هاوسەرگیری وەک پرۆسەیەک لە پرۆسەکان بە گرنگترین بڕیار و کار دادەنرێت لە ژیانی مرۆڤەکان وخێزان و کۆمەڵگادا.

لەکۆتاییشدا زۆر پیویست و گرنگە قوتابیان ئاشنا بکرین واتە شارازیی بکرین لە ناسینەوە چین و تویژەکانی دانیشتوان و ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی.

**١١. ئامانجەکانی کۆرس**

- لیرەدا ئامانجەکانی ئەم کۆرسە دەخەینە بەردەم قوتابیان کە بریتین لە:
- فێرکردنی قوتابی بە چەمکە سەرەکی و لاوەکییەکان.

- شارەزابوون لە سەرهەڵدان و گەشەکردنی کۆمەڵناسی دانیشتوان.
- ئاشنابوون بە ڕەنگدانەوەی گرفتە دانیشتوانییەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا.
- شارەزابوون بە توێژینەوە دانیشتوانییەکان.
- شارەزابوون و وەرگرتنی زانیینی زیاتر دەربارەی کۆمەڵناسی دانیشتوان لە لایەن قوتابیانەوە
- هەروەها زانینی جۆرەکانی توێژینەوە دانیشتوانییەکان.
- ڕوونکردنەوەی گرنگی و هۆکارەکانی پەرەسەندنی توێژینەوە دانیشتوانییەکان.
- جۆر و سەرچاوەکانی زانیاری لەسەر دانیشتوان.
- سەرژمێری گشتی و تایبەتمەنییەکانی سەرژمێری گشتی.
- سەرژمێری لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە سەردەمی پاشایی تاکو ئێستا.
- پیزانیینی قوتابیان بە تایبەتمەندی و ئامانجەکانی سەرژمێری گشتی دانیشتوان.
- ئاگادارکردنەوەی قوتابیان لە ئەنجامدانی ڕووپێوی دانیشتوان.
- پیدانی زانیاری زیاتر لە ئامارکردنی ژیانداری یان تۆمارکردنی ژیانداری.
- تیشکخستنەسەر ئامارکردنی ڕەوکردن.
- ڕوونکردنەوەی تیۆرەکانی دانیشتوان بۆ سوود وەرگرتن لەچۆنیەتی بەکارهینانیان.
- تیۆری دانیشتوانی لای ئیبن خەلدون، تیۆری تۆماس ڕۆبێرت مالتۆس و پرەنسیپەکانی. تیۆری دانیشتوانی مالتۆس و بەربەستەکانی گەشەکردنی دانیشتوان بەپێی تیوری مالتۆس.
- تیۆری دانیشتوانی لای مارکیز دی کوندەرسی و تیۆرەکەی جۆدوین سەبارەت بە دانیشتوان و تیۆری پەرەسەندن لای فیردیناند تۆنیز.
- باسکردنی سیاسەتی دانیشتوان و بۆچی سیاسەتی دانیشتوان دادەنرێ؟
- زانین و ناساندنی شێوازەکانی هاندانی سیاسەتی زۆربوونی دانیشتوان.
- پیزانینی قۆتابیان لە کەمبوونەوەی دانیشتوان و ڕەنگدانەوەکانی.
- ئامانجمان زانینی دانیشتوانی نمونەیی و ڕەنگدانەوەکانی.
- هۆکارەکانی چڕ نەبوونەوەی دانیشتوان لە کوردستان.

- ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی.
- پیدانی مەعریفەی زیاتر لەسەر تیۆر و قۆناغەکانی گەشەی دانیشتوان.

ئەمانەی سەرەوە بریتیی بوون لە ئامانجە سەرەکییەکانی ساڵی خویندنی ٢٠٢٢-٢٠٢٣

**١٢. ئەرکەکانی قوتابی**

- ❖ پێویستە قوتابی/ خوێندکار لەکاتی وانە وتنەوەدا لەپۆڵدا ئامادە بێت.
- ❖ بەشداریکردنی قوتابی/خوێندکار لە وانەکان (چالاکی ڕۆژانە).
- ❖ بەشداریکردن لەتاقیکردنەوەکان.
- ❖ ئامادەکردنی ڕاپۆرت و سمینار.

**١٣. ڕێگەی وانە ووتنەوە**

- ✓ لەرێگەی پاوەرپۆینت بابەتەکان ئامادە دەکرێت و بەشێوی سلاید لەرێگەی داتاشۆ پێشکەش قوتابییەکان دەکرێت.
- ✓ پیشاندانی وێنەی جۆراوجۆر سەبارەت بە وانەکان لەڕێگەی داتاشۆ.
- ✓ لەکاتی پێویستدا زۆر جار بۆ روونکردنەوەی زیاتر تەختە بۆ نووسین بەکاردێت.
- ✓ باسکردنی نمونەی جۆراوجۆر تایبەت بە بابەتی دانیشتوان بۆ تێگەیشتنی زیاتری قوتابیان.

**١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

- لە جاری یەکەم تاقیکردنەوەیەک لەسەر (١٥) نمرە دەکرێت.
- هەروەها لە جاری دووەم بەهەمان شێوە تاقیکردنەوەیەک لەسەر (١٥) نمرە دەکرێت.
- (١٠) نمرەکەی تر بۆ چالاکییەکانی پۆل و ئامادەبوون و ڕاپۆرت و سمینار تەرخاندەکرێت.
- (٦٠) نمرە بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی دەبێت.

کۆی گشتی دەکاتە (١٠٠) نمرە.

**١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون**

گرنگترین بوار کە قوتابی/خوێندکار پەیڕەوی دەکەن بریتییە لە فێربوون و شارەزایی لەسەر کایە و دیاردە هەمەچەشنەکانی دانیشتوان، لەگەڵ ئەوەشدا زانینی ڕەنگدانەوەی گرفتە دانیشتوانییەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا، هەروەها ئەوەی گرنگە باس بکرێ؛ ئاشنابوونە بە چەمکە

سەرەکی و لاوەکییەکانی ئەم بابەتە، دواتر لەڕێگای ڕوونکردنەوەی بۆ قوتابیان سەبارەت بە دیاردە و پێکهاتە جۆراوجۆرەکان؛ کە کاری سەرەکی توێژەرانە بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکان و خستنەڕوو و شیکردنەوەی ڕاستییەکان، تاکو بتوانرێ لە ئەگەری بوونی هەر کێشەیەکدا؛ چارەسەی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە؛ لە بابەتەکانی وەکو: پرس و دیاردە و ڕووداو و کردە دانیشتوانییەکان، بۆیە کارکردنی توێژەر لەسەر لایەنە جیاوازەکان پێویستە و بەدواداچوون لەسەری ئەنجامبدرێت، ئەمەش گەیشتنە بەو هۆکارانەی کە لەسەر تاک و گرووپ و کۆمەلگە ڕەنگیداوەتەوە، کەواتە توێژینەوەکردن لەسەر بوارە جۆراوجۆرەکان بریتییە لە دیاریکردن و پیشاندانی ڕاستییەکانە لەهەر لایەنێکی ژیانی کۆمەلایەتی.

**لیستی سەرچاوەکان**


١) **أجمد عل اسماعيل. (١٩٩١) ط٣. اسس علم السكان.**

٢) **مصطفى خلف عبدالجواد. (٢٠٠٩) دراسات فى علم اجتماع السكانى.**

٣) **صابر أهد عبدالباقى. (١٤٣٤هـ) علم اجتماع السكان. مملكة العربية السعودية.**

٤) **فتحى محمد ابو عيانة. (٢٠٠٠) دراسات فى علم السكان.**

٥) **عبدالله عطوى. (١٩٩٦) جغرافية البشرية صراع الانسان مع البيئة.**

٦) **عاطف على. (١٩٨٩) الجغرافيا الاقتصادية والساسية والسكانية.**

٧) **ابراهيم اهد سعيد. (١٩٩٧) اسس الجغرافيه البشرية والاقتصادنة.**

٨) **بيار جورج. (١٩٨٥) جغرافية السكان. ط٣.**

٩) **على عبدالرزاق جلى. (١٩٩٧) علم اجتماع السكان. دار المعرفة الجامعية.**

١٠) **احمد رمضان شقلية. (١٩٨١) دراسات في الجغرافية الاقتصادية. ط١.**

١١) **فتحي محمد ابوعيانة. ( ١٩٩٣) جوغرافية السكان. ط٤.**

١٢) **فتحي محمد و فتحي عبدالعزيز. اسس علم الجغرافيا الطبيعية والبشرية.**

١٣) **صفوح خير. (٢٠٠٠) الجغرافية ،موضوعها ، واهدافها ، ومناهجها ،**

١٤) **عبدالمنعم عبد الحي، (١٩٨٥) علم السكان الاسس النظرية والابعاد الاجتماعية، ط١.**

١٥) **ابراهيم خليفة. (١٩٨٤) علم الاجتماع والسكان دللالات الاجتماعية الامنية للتركيب السكاني.**

١٦) **حسن الساعاتي و عبدالحميد لطفي. (١٩٨١) دراسات في علم السكان.**

١٧) **على لبيب. دانيشتوانى جيگيرو ناجيگير.**

١٨) **عبدالمجيد غفور ابراهيم. كومەلناسى دانيشتوان.**

١٩) **محمد حسين شوانى. ئەنترۆپۆلۆژيای دانيشتوان.**

٢٠) **هاشم نعمة فياض. العلاقة بين الخصوبة السكانية والمتغيرات الاجتماعية والاقتصادية.**

٢١) **عبدلله غفور،(٢٠١٧) دانيشتوان، چاپخانەی حاجی هاشم هه ولير.**

٢٢) **عبدالله غفور،جوگرافيای دانيشتوان،زانكوی سەلاحەدين هه ولير**

٢٣) **فراس عباس فاضل البياتي. (.٢٠١٧) البنا و السوسيوديموغرافي للمجتمع.**

٢٤) **فراس عباس البياتي. (٢٠١٧) علم الاجتماع السكان.**


| ١٧. **بابەتەکانی کۆمەڵناسی دانیشتوان** | **ناوی مامۆستای وانەبێژ** |
|---|---|
| پێشەکی<br>***پرۆژە و بەرنامەی کاری زانستی ساڵی خوێندنی ٢٠٢٢-٢٠٢٣***<br>**بۆچی ئەم لقە زانستییە دەخوێنین؟**<br>**ناوەڕۆک**<br>بەشی یەکەم/ دیاریکردنی چەمکەکان و ڕەنگدانەوەی گرفتە دانیشتوانییەکان<br>باسی یەکەم: دیاریکردنی چەمکەکان<br>A. دانیشتواnناسی<br>B. کومەڵناسی دانیشتوان<br>C. ئەنتروپۆلۆژیای دانیشتوان<br>باسی دووەم: گرفتە دانیشوانییەکان<br>یەکەم: پیناسە<br>دووەم: ڕەنگدانەوەی گرفتە دانیشتوانییەکان لە ژیانی کومەلایەتییدا<br>بەشی دووەم/ تویژینەوە دانیشتوانییەکان و سەرچاوەکانی زانیاری<br>باسی یەکەم: تویژینەوە دانیشتوانییەکان<br>جۆرەکانی تویژینەوە دانیشوانییەکان | م. ی. روستم صابر مصطفی<br><br>(٩) کاتژمێر لە هەفتەیەکدا. کە بەسەر سێ گرووپدا دابەش دەبن، بۆ هەر گرووپێك (٣) کاتژمێر ٣+٣+٣=٩ کاتژمێر |

| | |
|---|---|
| گرنگی توێژینەوە دانیشتوانییەکان<br>هوکارەکانی پەرەسەندنی توێژینەوە دانیشتوانییەکان.<br>باسی دووەم: سەرچاوەکانی زانیاری لەسەر دانیشتوان.<br>سەرتایەک لەبارەی سەرچاوەکانی زانیاری<br>جۆرەکانی سەرچاوی زانیاری لەسەر دانیشتوان<br>یەکەم: سەرچاوە نەگورەکانی زانیاری<br>A- سەرژمێری گشتی<br>سەرژمێری لە عیراق<br>تایبەتمەنییەکانی سەرژمێری گشتی<br>ئامانجەکانی سەرژمێری گشتی دانیشتوان<br>جۆرەکانی سەرژمێری گشتی دانیشتوان<br>قوناغەکانی ئەنجامدانی سەرژمێری گشتی دانیشتوان<br>B- ڕووپێوی دانیشتوان<br>دووەم: سەرچاوە گوڕاوەکانی زانیاری<br>A- ئامارکردنی ژیانداری یان تۆمارکردنی ژیانداری<br>B- ئامارکردنی ڕەوکردن<br>بەشی سێیەم/ تیۆرە دانیشتوانییەکان<br>یەکەم: تیوری دانیشتوانی لای ئیبن خەلدون<br>دووەم: تیۆری تۆماس ڕۆبێرت مالتۆس<br>پرەنسیپەکانی تیۆری دانیشوانی مالتوس.<br>بەربەسەکانی گەشەکردنی دانیشتوان بەپێی تیوری مالتۆس.<br>سێیەم: تیۆری دانیشتوانی لای مارکیز دی کوندەرسی.<br>چوارەم: دیۆرەکەی جۆدوین سەبارەت بە دانیشتوان.<br>پینجەم: تیۆری پەرەسەندن لای فیردیناند تونیز.<br>گوڕینی کومەڵگا لە کۆمەڵگایەکی خۆجێییەوە بۆ کومەڵگایەکی گرێبەستی.<br><br>بەشی چوارەم/ سیاسەتی دانیشتوان: | |

| | |
|---|---|
| ئامانجەکانی سیاسەتی دانیشوان.<br>پۆچی سیاسەتی دانیشتوان دادەنرێت؟<br>سیاسەتی هاندانی زۆربوونی دانیشتوان<br>شێوازەکانی هاندانی سیاسەتی زوربوونی دانیشتوان.<br>کەمبوونەوەی دانیشتوان و ڕەنگدانەوەکانی<br>دانیشتوانی نمونەیی و ڕەنگدانەوەکانی<br>پیکهانەی کومەلایەتیی دانیشتوان<br>جۆرەکانی چری دانیشتوان پەیوەست بەباری ئابوورییەوە.<br>هوکارەکانی چڕ نەبوونەوەی دانیشتوان لە کوردستان<br>ژیانی کومەلایەتی کومەلگای کوردی<br>پەیوەندی ڕەوکردن بە قوناغەکانی گەشکردنی کومەلگە.<br>تیۆرەکانی گەشەی دانیشتوان<br>قوناغەکانی گەشەی دانیشتوان<br>سەرچاوەکان | |
| ١٨. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) | |

**١٩. تاقیکردنەوەکان**

یەکەم- چەمکەکان: لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە داوا لە قوتابی دەکرێت پێناسەی چەمکەکان بکات؟

بۆنمونە:

پرسیار-

پ١- پێناسەی ئەم چەمکانە بکە؟

١- کۆمەأناسی دانیشتوان، ٢- سیاسەتی دانیشتوان.

وەلام/ ١- کۆمەڵناسی دانیشتوان بە دوای پشکنینی پەیوەندی و کارلێکی نێوان فاکتەرە کۆمەلایەتییەکان و دیاردە دانیشتوانییەکاندا دەگەڕێت، ئەمەش جیاوازە لە ئەنترۆپۆلۆژیای دانیشتوان لە گۆشەنیگایەکیترەوە سەیری دیاردە دانیشتوانییەکان دەکات.

٢- سیاسەتی دانیشتوان: بریتییە لەو سیاسەتە ڕوونەی کە حکومەت نەخشەی بۆ دەکێشێ بۆ

گریمانەکردنی ئەنجامە بەراییەکان. لەگەڵ ئەوەی ئامانجی ڕاستەقینەی چارەسەری دیموگرافی جێبەجێکردنی ئامانجە سەرەتاییەکانە، وەک پەلەکردن لە ئاسایشی نەتەوایەتی و خۆشگوزەرانی ئابوری و کۆمەڵایەتی.

دووەم- دارشتن: لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە پرسیارەکان زۆربەی بە وشەی وەک روون بکەوە چۆن...؟ هۆکارەکان چی بوون...؟ بۆچی...؟ چۆن...؟ دەستپێدەکات.

بۆنمونە:

پ٢- هۆکارەکانی پەرەسەندنی توێژینەوە دانیشتوانییەکان بخەڕوو؟

وەڵام/

١- پێویستیەکانی شەڕ و خۆ ئامادەکردن بۆ جەنگ؛ لە کۆمەلگاکاندا هەلومەرجی ئەوەی هێنایە پێشەوە کە بەرپرسان بیرێک لە هێزی مرۆیی و توانای ئابوری خۆیان بکەنەوە، بۆ ئەم مەبەستانە پێویستیان بە سەرژمێری و جیاکردنەوەی ڕەگەز و تەمەنە جیاوازەکان هەبوو، کە ئەمەش بەیەکەمین سەرچاوەی زانیاری دادەنرێت بۆ توێژینەوە دانیشتوانییەکان.

٢- گەشەکردنی خێرا و زۆربوونی پر مەترسی دانیشتوان لە هەردوو سەدەی (١٨) و (١٩) کە بووەهۆی بەدەر کەوتنی چەندین تیۆر و بیروبۆچونی دژ بە یەک لە بارەی ئایندەی کۆمەلگەی مرۆیی و مەترسیەکانیەوە بەهۆی زۆربوونی دانیشتوان.

٣- هەستکردن بە هەبوونی پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوان دانیشتوان و ژینگە و پەرەپێدان.

٤- پەرەسەندنی زانستەکانی بایەلۆژی و مرۆڤناسی و ئەنپرۆپۆمیتری(پێوانەی مرۆیی) تایبەت بە نەژادو و ڕەگەزە مرۆییەکان وەکو (مەغۆل و قەوقاز و زنجی) جیاوازیەکانیان لەڕووی پێکهاتەی جەستەییەوە کە بووەهۆی کەلەکەبوونی زانیاری زیاتر لەسەر پێکهاتە و چۆنیەتی دانیشتوان.

٥- گەشەکردنی زانستی ئامار و لەبەردەستدابونی زانیاری دامەزراو لەسەر ژمارە و بەراوردکردن و جیاوازی رەگەز و تەمەن... هتد، لە کۆمەلگاکاندا ئەمەش بووەهۆی ئاسانکاری لە ئەنجامدانی توێژینەوە دانیشتوانییەکاندا.

| |
|---|
| **٢٠. تێبینی تر**<br>بوونی کۆرس بووک، هاندەرێکی زۆرباشە بۆ بەرچاوڕوونی و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی قوتابی/ خوێندکار  و مامۆستا و وانەکان، هەروەها دەبێتە دیاربوونی سەرەتا و کۆتایی پلانی مامۆستا. |
| **٢١. پێداچوونەوەی** |